پێکهاتەکانی هەرێمی دوای بریارەکەی دادگای فیدراڵی داوایەک لە مەسعود بارزانی دەکەن

پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ لابردنی١١ کورسی کەمینەکانداوایەکیان ئاراستەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە ئەم نادادپەروەرییەی دادگای فیدراڵی رەتبکاتەوە

لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی پێکهاتەکانی کوردستان لەهۆڵەر دوای بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەوەچوو, محەممەد ئیلخانی بە نوێنەرایەتی پێکهاتەکان رایگەیاند، ئەوەی ئەمە لە دادگای فیدراڵی بەوەچوو، تەنیا بڕیارێکی سیاسی ئاشکرا بوو، بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی سیاسی دیاریکراو کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو تووشی لاوازی بووە.
ئیلخانی راشیگەیاند، وەك پارت و لایەنەکانی پێکهاتەکانی کوردستان (تورکمان، کلدان، ئاشووری، سریان و ئەرمەن) داوا لە سەرۆك بارازنی دەکەین وەك داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پێکهاتەکان، ئەم نادادپەروەرییە رەتبکاتەوە.

گوتیشی، ئێمە لە سیاسەت و ستراتیژیمان پاشگەز نابینەوە، لە خەبات و دیپلۆماسییەت

بەردەوام دەبین.

هەر لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکە، مونا قەهوەچی جێگری سەرۆکی پارتی چاکسازی تورکمان ڕایگەیاند، لە هەنگاوەکانی خۆمان پاشگەز نابینەوە و بەردەوام دەبین.

قەهوەچی ڕاشیگەیاند، ئێمە باوەڕمان بە پێکەوە ژیان و پرۆسەی دیموکراسییە، بۆیارەکەی دادگای فیدراڵی پاشگەزبوونە لە پرۆسەی دیموکراسی.

گوتیشی، بۆیارەکەی دادگای فیدراڵی پێچەوانەی دەستووری عێراقە.

لەلایەن خۆشییەوە ئانە جەوهەر سەرۆکی هاوپێمانی حامڕابی لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە ڕایگەیاند، تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان سەرکۆنەی بۆیارەکانی دادگای فیدراڵییان لە میانەی کۆبوونەوەیەك کرد.

گوتیشی: بۆیارەکەی دادگای فیدراڵی کودەتایە بەسەر دەستووری عێراق.

باسی لەوەشکرد، ئەو ستەمە بەهۆی سکاڵایەکەوە لە پێکهاتەکان کرا، کە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاراستەی دادگای فیدراڵی کرابوو.

ئەوەشی خستەڕوو، بەهۆی ئەو سکاڵایەوە پێشێلکارییەکی زۆر گەورە دەرهەق بە مافەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لەهەرێمی کوردستان کراوە.